# شەونم

هۆنراوەی (55)

یارم چو قدح بە دست گیرد

ئەویاری پیاڵە مەی بەدەستە
بازاڕی گوڵی بەلاوە پەستە
هەرکەس کە ببینێ چاوی ئێژێ
دارۆخە لە کوێ یە ئەوهە مەستە
کەوتوومە بەحر بە چەشنی ماسی
گیرانی بە تۆڕی ویم مەبەستە
کەوتوومەتە پای و چاوەنۆڕم
دەستم بگرێت و بێژێ هەستە
خۆزگەم بە دڵێکی چەشنی حافز
سەرخۆشی جەمێک مەیی ئەلەستە

حافزی حەقیقی